# وشەی فەرهەنگیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

د. لوقمان ڕەئوف عەلی
معهد تقني السليمانية

م.ی.سامان محمەد عەلی
مديرية تربية كركوك

تاريخ استلام البحث :٧ / ٣ / ٢٠١٦
تاريخ نشر البحث :٥ / ٦ / ٢٠١٦

## پێشـــــەکـی

شێرکۆ بێکەس خاوەن(٤٧) بەرهەمی ئەدەبیە،(٤٤) دیوانە شیعرو(٢)کاری وەرگێڕان و (١) چیرۆکی منداڵان، ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١٧ بۆچارەسەی نەخۆشی ژێکانی، چووەوە بۆ سوید، پاش مانەوەی سێ مانگ و(١٨) ڕۆژ، ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٤ کاتژمێر(٤.١٠)لەسوید بە نەخۆشی شێرپەنجەی قوڕگ کۆچی دواییکرد[١] ویەکێکە لە شاعیرە هەرەدیارەکانی شیعری نوێی کوردی بە گشتی و رابەریشیعری هاوچەرخ بەتایبەتی، بەومانایەی کە شێرکۆ لە قۆناغی شیعر نوسیندا،توانیویەتی ڕێرەو ومیتۆدێکی نوێ وتایبەتبەخۆی بنیادبنێت،هەر ئەم هەنگاوەش وایکرد، شێرکۆ ببێتە ئەسێرەیەکی درەوشاوەی شیعری هاوچەرخیکوردی[٢].

شێرکۆتاکە شاعیری کوردە کە بەوردی ومەبەستەوە کاری لەسەر فەرهەنگ وبەکارهێنانەوەی وشەی فەرهەنگی لە دەقی شیعرییدا کردبێت،یاخود شیعر بکاتە فەرهەنگی شیعریی،لەراستیدا ئەم دەستپێشخەرییەی شاعیر سێ هۆکاری سەرەکی هەبووە:

یەکەم:

دایکی کە هەر لەقۆناغی منداڵییەوەولەکاتی خەوانندنی شاعیردا،شەوانەچیرۆك وبابەتی فۆلکلۆری بۆ گێڕاوەتەوە،بەمەش زانیارێکی باشی لە سەر وشەی کوردی پەتی وفەرهەنگی هەبووە[٣].

دوەم: خودی شاعیر خوێنەرێکی باشی فەرهەنگە جیاوازەکان بووە، بە شێوازێك وایلێکردوە زۆربەی جارخودی وشەکان وەك خۆیان وبۆمەبەستە دیاریکراوەکەی ناو فەرهەنگ بەکاربهێنێتەوە[٤].

سێیەم:کەوتنە ژێرکاریگەری شاعیرە بیانییەکان ،بەتایبەتی ئەحمەدی شاملو،چونکە زۆر بەوردی کاری لە سەر بەکارهێنانەوەی وشەی فەرهەنگی لەشیعردا کردوە.

كەواتە ئەم دەستپێشخەرییەی شاعیر لەوەوەیە ،کە دوای قاڵبوونەوە وکەوتنە ژێرکاریگەری ئەم سێ سەرچاوەیەوە، ئەم هەنگاوەی لە شیعر داناوە،چونکە قۆناغی یەکەمی  شیعری شاعیر بە دووربووە لە بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی، بۆیە لەو قۆناغەی کە شاعیر هەستی بە گرنگی ئەم بابەتەکردوە ،گەڕاوەتەوە سەر ئەو سەرچاوانەو لە هەمووشیان گرنگتر، گەڕانەوە بووە بۆ شاملو ،بەڵام گرنگترین هۆکار بۆ خۆشەویستبوون وکاریگەربوون بە وشەی فەرهەنگی،دایکی بووە، هەر ئەمیش وایلێکردوە فەرهەنگبخوێنێتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتوە لە دوو بەش:

بەشی یەکەم باسکردنە لە چەمك و پێناسەی وشەو فەرهەنگ و وشەی فەرهەنگی، لەگەڵ باسکردن لە مێژوی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی لە شیعردا، دواتر گرنگی وشەی فەرهەنگی خراوەتەروو

بەشی دووەم تایبەتکراوە بە ئەو وشە فەرهەنگیانەی کە شاعیر بەکاریهێناون، لەگەڵ ئەو وشانەی کە وەك زانیاری خراونەتەروو، بۆبەرچاوروونی خوێنەر، لەگەڵ خستنەرووی داتای پێویست بۆ وشەکان و لێکدانەوەی هەندێك لە وشە فەرهەنگییەکان و دەرخستی رۆڵیان لە دەقەکەدا.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەت:

١- لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا کار لەسەر وشەی فەرهەنگی لەدەقی شیعرییدا نەکراوە.

٢- بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی زۆر وکاریگەریان لەسەر شوناسی شاعیر.

## میتۆدیی لێکۆڵینەوەکە:

-بەوپێیەی سروشتی لێکۆڵینەوەکە پشتی بە ئامارو لێکدانەوە بەستوە، بۆیە میتۆدی ئاماری و لێکدانەوەیی بەکارهێنراوە.

## وشە: چەمك و پێناسە:

وشە بریتییە لەسەرەتاو بوون و بنچینەی زمان، بەدەرلەمەش گوزارست لەبەهاو گرنگی خۆی لە چوارچێوەی خۆیدا دەکات، جگەلەمەش مەبەست و خواستە رۆحییەکانی مرۆڤ بەگشتی و شاعیران و نوسەران بەتایبەتی دەپارێزێت، یاخودوشە بنچینی رستەو زمانە، بۆیە" دەربڕاوی دالە بە مانا تاکییەکەی"[٥]

وشە لای زانای زمانەوانی ئەمریکی (بلوم فیلدBloom Field )بریتیە لە بچوکترین داڕێژاوی ئازاد، بەڵام لای (ماپیسیس Mathesius)بچوکترین یەکەی دەنگییەو ناتوانرێت بەیەکەی ترەوە پەیوەستبکرێت، لای(ترنکاTrnka ) بریتییە لە یەکەیەك، کەدەتوانرێت لەرێگەی دەنگەکانەوە هەستیپێبکرێت و شیاوی گۆڕینەو کارنامەی سیمانتیکی هەیە[٦]

ڕاستە وشە دەنگی دالێکە بۆ مانایەك، بەڵام ماناکان لەچوارچێوەی یەك دالیدا قەتیس ناکرێن، وەك ئەوەی لە ڕەخنەی کۆندا دەخرایەروو، چونکە سادەترین ڕوانین"وشەکان(وەك هەموو سیمبول و پەیوەندییەکان) دوو وێنەی لە بووندا هەیە، بوونێکی هێزی و بوونێکی کارەکی، هەروشەیەکیش کە دەردەبڕێت، یان دەبیسترێت، کۆمەڵێك جێگەوتەو کارگێرگەری لە بیری قسکەکەرو بیسەردا بەجێدەهێڵێت"[٧]، بەم پێیەش بێت بەلایەنی کەمەوە هەموو وشەیەك هەڵگری مانایەکە، واتە "پەیوەندیێکی ئاسایی و سەرەتایی لە نێوان وشەکەو ماناکەیدا هەیە،کە بریتییە لە پەیوەندیێکی ڕاستەوخۆ و ڕوون لە ئاسان و ئاساییترین هەڵوێستدا، واتە دالێك یەکسانە بە مەدلولێك"[٨]،ئەمەش هەمان تێڕوانینەکەی سۆسێرە، کەواتە وشەکان یەك نوێنراوی هەیە، بەڵام هەڵگری چەندین لێکدراوەن، بەمانایەکی تر مەرج نییە هەموو کاتێك تەنها خودی وشەکە، هەڵگری ماناکە بێت، چونکە"کۆنتێکست بەتەنها ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە وشەکە گوزارشت لەمانایەکی بابەتی پەتیی دەکات ، یان سۆزی و هەڵچوونی"[٩] هەرلەبەر ئەمەشە " مانا گرفتی سەرەکی و بنچینەییە لە زانستی زماندا"[١٠] بەو مانایەی پێویستە لەکاتی لێکدانەوەی وشەکان بۆ ماناکان، کار لەسەر تەواوی وشەکان لە کۆنتێکستەکاندا بکرێت، بۆیە بڕیاردان لەسەر مانا سەرەکی و مەبەستدارەکەی ئەو کۆنتێکستە.

هەرئەمەش وایکردوە، تاوەکو ئێستا لە مەسەلەی زمان و مانای وشەدا لە سێ ڕوانگەوە لێبڕوانرێت"مانای زمانەوانی(Linquistic semantics)، مانای فەلسەفی( Philosophical semantics)مانای گشتی(General semantics )[١١]

کەواتە وشەکان هەڵگری مانا بیرییەکانن و ئەم مانا بیریانەش چەندێك زۆر بن، ئەوا مەلولەکانیان فراوان دەبن، تاوەکو ئەم مانا بیریانەش فراوانتر بن، لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان بەهێزترو فراوانتردەبن، هانابردنی شێرکۆ بێکەسیش بۆ وشەی فەرهەنگی، مەبەستی بووە بە کەمترین دەربڕاو، زۆرترین ماناو لێکدانەوە ببەخشێت، هەروەها مەبەستی بووە وشە فەرهەنگییەکان لەرێگەی ماناکانییانەوە، جارێکی دیکی ڕۆڵی خۆیان لەدەقدا پێیببەخشێتەوە.

## وشه و فەرهەنگی زاراوەیی:

بەگشتی کارکردن لەسەر فەرهەنگ و وشەی فەرهەنگی، بەشێکی دانەبڕاوە لە شیعرو هەرلەکۆنەوە بوونی هەبووە، بەڵام ئەوکاتانەی فەرهەنگ بووە بەشێك لەپێکهاتەی ڕۆشنبیری، ئیدی کاریگەری خۆی لەسەر کۆی تێکستەکان بەجێهێشت، بەگشتی دیارترین شاعیر کە کاری لەسەر بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی کردبێت شکسپیرە، لەم بارەوە

دیڤد کریستاڵ دەڵێت" لە کارەکانی شکسپیردا دەتوانرێت چەندین وشە بدۆزرێتەوە، کە بۆ سەردەمی خۆشی هەر ئارکایزم بوون، وەك (iwis) کەلە ئینگلیزی نوێدا بەمانای (indeed)دێت"[١٢]

هەروەها دیڤد کریستاڵ دەڵێت" شکسپیر یەکێکە لەوشاعیرو دراما نوسانەی ئینگلیز، کە زۆرترین وشەی کۆنی فەرهەنگی لە شانۆو سۆنێتەکانیدا بەکارهێناوە، کاتێك لەو وشانە دەکۆڵینەوە، کەلەسەردەمی شکسپیر دا بەکارهاتون، دەبێت بزانین ئەو زمانە لەو سەردەمەدا لەڕووی زمانەوانییەوە هەمووی لەیەك دەچێت، بەڵام لە ئێستا دەبینین هەندێك وشەی نوێیە، هەندێك کۆنە، هەندێکیشی لە ئێستادا بەکاردێن، ئەو وشانەی کە ئێستا بەکارنایەن، وشەی ئارکایزمین، واتە فەرهەنگین"[١٣] .

مایکڵ جەی کەمینگس لەساڵی ٢٠٠٥دا هەموو ئەو وشانەی کۆکردوەتەوە کە شکسپیر لەکاتی خۆیدا بەکاریهێناون و ئارکایزمن و بەگشتی نزیکەی (٤٠٠) وشەی دیاریکردوە"[١٤]

لە ئەدەبیاتی ئێرانیشدا شاملو یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی شیعری هاوچەرخی ئێران، جگە لەمەش ئەمڕۆ ناوی ئەم شاعیرو لێکۆڵەرو وەرگێڕە بەتوانایە لەلای فارسەکان، بەپیرۆز سەیر دەکرێت، لەبەرئەوەی لەلایەك توانستی شیعری خۆی سەلماندوە، لەلایەکی ترەوە فەرهەنگ و زمانی ئاوێتەکردوە، یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی فارس، کە بەشێوەیەکی زۆرو بە وردی کاری لە فەرهەنگ و بەکارهێنانەوەی وشەی فەرهەنگی لەشیعردا کردوە، هەرئەمەش وایکردوە، کەشیعرەکانی پێویستیان بە لەسەروەستان و لێکدانەوەی ماناو ڕوونکردنەوەی وشە فەرهەنگییەکان هەیە، چونکە"بەرهەمەکانی شاملو لە بارەی بەرفراوانی ماناو وشەی نەناسراو، چ کۆن ،چ نوێ و هاوچەرخ، یان بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی لەشیعری هاوچەرخی ئێراندا بێهاوتایە"[١٥]

،ئەم تایبەتمەندیەش بەهەمان شێوە بۆ شێرکۆ بێکەس لای ئێمەی کورد دروستە، بۆیە هەردووکیان لەروی میکانیزمی کارکردنەوە هاوبەشیان زۆرە، بەڵام شێرکۆ بێکەس کەوتوەتە ژێر کاریگەری شاملۆوە.

## تایبەتمەندێتییەکانی وشە:

به گشتی وشه خاوەن چەند تایبەتمەندییەکە، لەوانە:

١-خستنەرووی پەیوەندییەکان. ٢- یەکەیەکی گرنگی پێکهاتەی زمانە(دەنگ، وشە،رستەسازی).

٣-بنیادنانی رستەو زمان.٣- کارنامەی دەنگی و رێزمانی هەیەو بەهۆیەوە گوزارشت لە شتەکان دەکرێت، بەمەش هۆکاری پەیوەندی و گەیاندنی بیرەکانە، لەم بارەوە د. حلمی خلیل دەڵێت" وشه لە کۆمەڵێك یەکەی دەنگی پێکهاتوە  کە بەرێگەیەکی دیاریکراو دانراوە ، بۆئەوەی ببێتە نوێنراوی شتە بەرجەستەیی و بیرە پەتییەکان."[١٦]

چەمك وپێناسەی فەرهەنگ

فەرهەنگ ئامرازێکە بۆ کردنەوەی وشەکانی زمان ،هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ،یاخود ئەو ئامرازەیە،کە وشه ماناهەڵگرە فراوانەکان لەخۆدا کۆدەکاتەوەولە لە ناوچوون دەیانپارێزێت ولە ژیاندا بەردەوامی پێدەبەخشێت.

گرنگی فەرهەنگ ئەو کاتانە دەردەکەوێت ،کە کەسێك شتێك، یان بابەتێك بە زمانێکی تر دەخوێنێتەوە،یان لە زمانی خۆیدا دەخوێنێتەوە، لە  هەندێکیش تێناگات ،یان رووبەرووی چەند وشەیەك دەبێتەوە، کە ماناکەیان نازانێت،یان لێیان تێناگات، ئەو کاتە نرخ وبەهای فەرهەنگی بۆ دەردەکەوێت، کە دەبێتە کلیلی تێگەیشتن،یان کردنەوەی مانای ئەو دەقە، بەمەش فەرهەنگ دەبێتە دەریای ماناکانی زمان .

فەرهەنگ دەبێتە دووجۆر: ئەووشانەی کە لە زمانەکەدا مانایەکی بنچینەییان هەیە ولە عەرەبییداپێیان دەوترێت(معجم) و لە کوردیشدا دەشێ مانای ( ناڕون)ی بۆ بەکاربهێنرێت.

جۆریدووەم: فەرهەنگ وەرگێڕانی وشەیەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، ئەم جۆرە یان شێرکۆ کەمتر بەکاریهێناوە،بەڵام لەنێوانزارەکانی زمانی کوردیدا بەکاریهێناوە، واتە وشەی زارەکانی تری بەکارهێناوە.

ئەگەرچی فەرهەنگ لە رابردودا لەسەرلاپەڕەکان ودواتربەکتێب نوسراون،بەڵام ئەمڕۆتۆڕی ئەلکتۆرنی کارەکانی ئاسانتر وفراوانترکردوە وپەیوەندی وبەکارهێنانەکانیشی چالاککردوە.

## پێناسەی وشەی فەرهەنگی

به بڕوای کۆدۆن" وشەی فەرهەنگی(denotation) سنوردارترین وسادەترینمانای وشەیە،بێلەبەرچاوگرتنی ئەوەیهەستوسۆزمانچییە سەبارەت پێییان ئەوپێشنیارومانا شاراوانەی کە هەیەتی"[١٧]بەپێی ئەم پێناسەیە بێت وشە ی فەرهەنگی ئاماژەیە بەو مانایەی کە وشەیەك لە فەرهەنگدا باسکراوە، بێئەوەی مانا ئەدەبی وکلتوریەکانی پێوە لکابێت.

وشەی فەرهەنگی بەپێی ئینسایکلۆپیدیای پرینستۆنی"مانا ڕوکەشی وئاشکراکە ی وشەیە،یان ئەوەیەکە لە فەرهەنگدا دیارکراوە." وشەی فەرهەنگی پێچەوانەی (connotation) وەکەبەمانای ئەو زیادە چەمکانە دێتکە بەسەروشەیەکدا دابڕاون. بۆنموونە "دڵ" مانا فەرهەنگییەکەی،واتە ئەوئۆرگانەی کەلەلەشی گیانلەبەراندایە وخوێن بۆبەشەکانی جەستە دەگوازێتەوە،بەڵام بەمانا ئەدەبییەکەی،ڕەنگەمانای هەستی خۆشەویستی،یان ئازار بگەیەنێت،بۆیەکاتێك دەڵێین وشەی فەرهەنگی ئەوا ئەو وشەی بەتەواوی داماڵراوە لەو هەست وسۆزوبیرو بۆچون وچەمکانەی،کە وشەیە کلە بەکارهێناندا هەڵی دەگرێت وتەنهامەبەست لێی وەرگێڕانی ڕەمزەکانە بۆمانابەرجەستەکان،بەواتا یەکی تر،مانای بەرجەستە ودیاریکراوی وشەیە کلە فەرهەنگی زماندا دەگرێتەوە"[١٨] کە واتە وشە فەرهەنگییەکان ئەو وشانەن کە ماناکانیان لە سایکرۆنی زماندا ناروون و پێویستیان بە وشەی هاوواتا، یان مەدلولەکانیان هەیە، لەپێناو تێگەیشتن لە مانا فراوانەکەی دەقەکە.

## گرنگی وشە لە فەرهەنگی دەقی شیعریدا:

بەگشتی هەموو وشەیەك ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە لە دەقی شیعرییدا، بەڵام وشە فەرهەنگییەکان ڕۆڵ و ئەرکیان زیاترە، لەبەرئەوەی وشەی فەرهەنگی:

١- بەرفراوانکردنی لێکدانەوەی مانای وشەکان و دواجاریش بەمەدلولکردنی دەقەکە.

٢- پاراستنی وشە کوردییە پەتییەکان و بەخشینەوەی هێزی مانا بە وشەکان.

٣- بەهێزکردنی مەدلول و بنەمای وێنە شیعرییەکەو وێنای ڕوانینی خوێنەر لەسەری.

٤- بەجێهێشتنی جێکەوتەی پۆزەتیڤ لە بیرو زهنی خوێنەردا.

٥- بەهێزکردنی کۆنتێکستی دێڕە شیعریەکە.

٦- دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعریی.

٧- کرانەوەی ئاسۆی بیری خوێنەر لەبەرامبەر لێکدانەوەو ڕاڤەی دەقە شیعرییەکدا.

٨- بەخشینی مانایەکی زۆر بە کەمترین کەرەستەو دەربڕاو.

## بەشی دووەم: بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگیی

بە گشتی لە ئەدەبی کوردیدا وشەی فەرهەنگی بەکارهێنراوە، بەڵام دیارترین شاعیر کە بەشێوەیەکی فراوان و بەمەبەست بەکاریهێنابێت، شێرکۆ بێکەسە، بەو مانایەی کارکردن و بەکارهێنانی ئەم وشانە بووەتە بنەمای پێکهاتەی شیعریی،

کۆیگشتی وشەی فەرهەنگی وهاوواتای بەکارهێنراولەشیعرەکانی شێرکۆدا (٢٩١) وشەن،زۆرترین وشەی فەرهەنگیش لە دیوانی دەربەندی پەپولەدا بەکارهاتوە کە (٥٣) وشەیە، دووەم دیوان دیوانی(رەنگدان)ە (٣٠) وشەی بەکارهێناوە ، یەکەمین وشەی فەرهەنگی لە شیعری( گینگلّ) ولە دیوانی ( من تینویەتیم بە گڕدەشکیّ-١٩٧٤) بەکارهێناوە.

لە دیوانی( دووسرودی کێوی ) ولە شیعری( کۆچ )و( برایمۆك) و( گۆرانی بەفرومنداڵیم)دا هەندێك وشەی هاوواتا وفەرهەنگی بەکارهێناوە ولەکۆتاییدا هاوواتاکانی بۆنوسیوە، هەروەها لە دیوانی ( رووبار )دا دیسانەوە وشەی هاوواتای بەکارهێناوە، بەڵام لە دەربەندی پەپولەدا لەکۆی(٧٨) پەراوێز،زۆرترین وشەی فەرهەنگی بەکارهێناوە.

ئاماری بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی لەسەرجەم دیوانەکانی شێرکۆ بێکەسدا

| ژ | ناوی دیوان | وشە |
|---|---|---|
| ١ | دەربەندی پەپولە | ٥٣ |
| ٢ | رەنگدان | ٣٠ |
| ٣ | بۆننامە | ٢٩ |
| ٤ | سروده بەردینەکان | ٢٣ |
| ٥ | گۆڕستانی چراکان | ٢٢ |
| ٦ | کورسی | ٢١ |
| ٧ | ئێستا کچێك نیشتمانمە | ١٨ |
| ٨ | ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە | ١٦ |
| ٩ | پایزەمیوان | ١٦ |
| ١٠ | تۆ ئەتوانی بە قومێك ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین | ١٦ |
| ١١ | ئافات | ١٤ |
| ١٢ | دوو سرودی کێوی | ٩ |
| ١٣ | من تینویەتیم بەگڕدەشکیّ | ٩ |
| ١٤ | رووبار | ٨ |
| ١٥ | مێرگی زام و مێرگی هەتاو | ٥ |
| ١٦ | خێراکە مردن خەریکە بگات | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٩١ |

١-من تينويەتيم بە گڕ دەشكێ

ا- شيعری(گينگڵ)

| ژ | وشە | هاواتا |
|---|---|---|
| ١ | خەرەندە | دوو ديواری دەربەنديكی تەنگی هەڵچوی هەزاربەهەزارە، كە لەژێرەوە ئاوی پێدا بڕوات"رەواندوز" |
| ٢ | تڤر | قەتماغە |
| ٣ | پەنگر | پشكۆ |
| ٤ | سوول | ئەو جۆگە ئاوەی بە راستە شاخێكی سەختا دێتە خوارەوە |
| ٥ | شێخاڵە | ناحەزو دركی نێوان فەرەج و ئەستێ |
| ٦ | كازيوە | تاريك و روونی بەيان |
| ٧ | كاولاش | وێرانە، كەلاوە |
| ٨ | پەنگر | پشكۆ |
| ٩ | هەدادان | ئارام گرتن |

٢- دوو سرودی كێوی

| ژ | وشە | مانا |
|---|---|---|
| ١ | كوڕژن | حيلەی ئەسپ |
| ٢ | هاوێركردن | لێكجياكردنەوەی دايك و بێچوو |
| ٣ | زەنوێر | كوێستان |
| ٤ | رەوەز | دانەبەردی بەسەريەكەوەی شاخ |
| ٥ | تێسكە | سمكۆڵ كردن |
| ٦ | هەڵەموت | پلەی خزو سەختی شاخ |
| ٧ | زنە | كانی زۆر بچوك |
| برايمۆك وگۆرانی بەفرو منداڵيم | | |
| ٨ | گەورە | بەرزی و نزمی لەپاڵ رەوەزی شاخەكان |
| ٩ | بارێزە | باران بارين بە باوە |

٣- رووبار

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ئەنگۆرە | سەرەتای تارکی شەو |
| ٢ | هەڵمووت | شاخی هەزاربەهەزارو پلەی سەختی نێو کێوان |
| ٣ | تێل رەنگاورەنگ | پەڕی تاوس |
| ٤ | دوند | لوتکە |
| ٥ | دەمەر قۆپان | شەرواڵی مەیدانی جەنگ |
| ٦ | تەپڵی باز | تەپڵی مەیدانی شەڕ |
| ٧ | قەدارە | قەمەی بچووکی بەر قەدو پشتێن |
| ٨ | خم خۆرك | زەوی بەزەلکاوی قووتدەر |

٤- دەربەندی پەپولە

| | | |
|---|---|---|
| ١ | سالاْو | سالێك ئاوی زۆربیٚ |
| ٢ | باویلکە | گیایەکی تووك سپییە لە پایزاندا بابێوی ئەکاتەوە |
| ٣ | ئاران | جێی زستانەی کۆچەران |
| ٤ | ئاویلکە | وەختی گیانداران |
| ٥ | بیڕێتە | سەمای بە کۆمەڵ |
| ٦ | ساواق | سەرماو سۆڵەی سەختی دژوار |
| ٧ | ئالوز | خەم،حەسرەت،ئەشکەنجە |
| ٨ | سەقەم | تۆف و کڕێوەو سەرمای تووش |
| ٩ | سەماك | ئێجگار بڵندو بەرز |
| ١٠ | شۆڕابە | لقی شۆڕی درەخت تازەوی |
| ١١ | پەیتوکە | چۆلەکەی بچووکی تیژباڵ و خێرا |
| ١٢ | بە پێل | شەپۆلدار |
| ١٣ | سەرپەڵە | وەختی بارانی پاییزە |
| ١٤ | ئاڤزین | بڵندایی نێرینەی ئاو |
| ١٥ | کەلەپۆ | ئەو کەلەی خۆری لیٚ ئاوا ئەبیٚ |
| ١٦ | ژمژیە | جولاْن و بزوتنەوە |
| ١٧ | دەفر | ، حاجەت |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | پڕۆپۆ | لق و پۆپ |
| ١٩ | سەمەندەر | باڵندەی ئەفسانەیی |
| ٢٠ | بێ ئەنوا | بێ جێگا ، بێ دەرەتان |
| ٢١ | بەرگێله | هەیوانی بەردەم شاخ و ڕەوەزو ئەشكەوت |
| ٢٢ | ڕك | ڕەگ ،بنج، دەماری شاخ |
| ٢٣ | نەینوك | ئاوێنه |
| ٢٤ | بەلووزەو | بەهووروژم بە گوڕو پرولێشاو |
| ٢٥ | خم خۆراك | زەوی قووتدەر |
| ٢٦ | باگژه | نێوان ڕەشەباو كزەبا |
| ٢٧ | بووڵێڵ | سەرەتای شەو، تاریكایی دوای ئێواره |
| ٢٨ | تڵەتڵ | گڕو بڵێسەی ئاگر |
| ٢٩ | سنجرت | بڵێسەی ئاگر |
| ٣٠ | پێرۆ | چەند ئەستێرەیەك، هێشووە ئەستێره |
| ٣١ | تیزماڵك | بەشێكی باریك و درێژ لە هەر شتێ |
| ٣٢ | بەستۆكه | ژنی داوێن پیس |
| ٣٣ | بەئۆڵ | ناشرین،ناقۆڵا،سامدار |
| ٣٤ | بافڵی | تاقگە،قەڵبەزه |
| ٣٥ | ژوار | ئازار،ژان،ئێش |
| ٣٦ | ڕەن | زەوی گوێ ئاو كە كشتوكاڵی تێدا بكرێ |
| ٣٧ | ژەرژەن | مەلێكی ڕەنگینەو لە كۆتر بچوكتره |
| ٣٨ | سستەك | زەوی شل و ناپتەو |
| ٣٩ | چكچكه | دڵۆپەی تنۆكە ئاو |
| ٤٠ | بەركاو | بنارو دامێنی چیا |
| ٤١ | باوێژه | ئەو میوەیەیە كە با ئەیوەرێنێ |
| ٤٢ | ساكۆ | چیای ڕووتەن |
| ٤٣ | تراویلكه | سەراب |
| ٤٤ | بارزە بوون | ئاوارەبوون |
| ٤٥ | نەپندی | نەهێنیی،نا ئاشكرا ،شاراوه |
| ٤٦ | بوولەره | بومەلەرزه |
| ٤٧ | پاڵێك | موی سمێڵ كە تێكەڵ بە ڕیش ئەبێ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٨ | سەرتڵ | هەڵبژێردراو لە هەرە باش |
| ٤٩ | ترافیە | ئاوارە، دەربەند بوو |
| ٥٠ | تیلچاف | شەوەزەنگ، ئەمووستە چاو |
| ٥١ | باپووسکە | کرێوەی بەفر بە باوە |
| ٥٢ | بەقەم | ڕەنگێ زوو کاڵ دەبێ |
| ٥٣ | بۆیرش | بۆنی شت کە لە جێی تەڕ دانراوە و شێی هەڵهێناوە |

بۆنموونە:

١٦ مارت بەر لە نیوە شەوی ئەم رۆژە قرچۆکە

شازدە هەوایەکی مۆدێرنیزمی شێت

هەوایەکی دوو رەگ لە نەسلی چەپ و راستی

سیاسەتی ئەم دنیا بەستۆکە

هەوایەکی کەتەی بەئۆکی لەخۆبایی

بۆنی دەم سیراوی........[١٩]

دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە مرۆڤ ئەگەرچی لەسەر رێرەوی دروست کارنەکات، ئەوا دەبێتە کەسێکی دوو روو و خراپ و داوێن پیس، داوێن پیسیش هەڵگری چەندین مانای نێگەتیڤە، بەو مانایەکی کەسێکە زەرەرو زیان لە هەموو کەسێك دەدات، هیچ کەسێك لەدەستی سەلامەت نییە، بۆیە چەندێك ئەم کەسانە بە بالاّ ،بەرزو بەخۆوەن، بەلاّم بەردەوام ناقۆلاّو و ناشیرینن، ئەم ناقۆلاّو ناشیرینیەشیان لە کردارەکانیانەوە سەرچاوەی گرتوە،

یان دەڵێت:لەسەرت ئەوەستم

هەتاوەکو لە رەنی گۆی خوێنما

شین ئەبی

ئەوەستم تۆزێکیش بەسەرتا ئەبارم یان ئەگریم

هەتاکو هەڵئەچیێ بالاّی سەوز.....[٢٠]

رەنگی گویێ خوێن ئەو شیوێنەی کە زۆر بە بەرەکەت و بەپیتە، بەردەوام ئاودار و سەوزایی زۆری لیێ بەرهەمدێت، دەیەوێت لەرێگەی وشەی(رەن)ەوە بەبەرەکەتی و سەوزایی و ئاوداری ئەو شێنەمان بۆ بخاتەروو، بۆیە دەیەوێت لەرێگەی ئەم تایبەتمەندییەی واتا وشەوە، ئەم سەزبوون و شینکییەمان پیێ بناسێنێت، کە سەرچاوەکەی لەم پیت و بەرەکەتەوەیە.

٥- ئافات

| ژ | وشه | هاواتا |
|---|---|---|
| ١ | بۆرەتار | تاریكایی سەرەتای ئێواران و بەیانیان |
| ٢ | چەلاك | داری باریك و درێژ |
| ٣ | هەوێز | مۆلگە |
| ٤ | یەكاو | شەت، چەمی گەورە كە لە چەند ئاو پێكهاتووە |
| ٥ | دەما دەم | بەرەبەیان |
| ٦ | دێرۆك | مێژوو |
| ٧ | باداوە | كرێوە، تۆف |
| ٨ | گراوی | ماشقە (ئاشقەو ماشقە) |
| ٩ | دۆژەن | خەفەتی گەورە |
| ١٠ | ترافیە | ئاوارەو دەربەدەر |
| ١١ | بنسان | كزبوون و ڕەنگ پەڕینی مرۆڤ |
| ١٢ | زەنەك | شوێنی هەمیشە تەڕ |
| ١٣ | بەرپرسار | لاپاڵ |
| ١٤ | ئاپرووشە | بزۆو جوولە جوولكەر |

٦-مێرگی زام و مێرگی هەتاو

| | | |
|---|---|---|
| ١ | دیرۆك | مێژوو |
| ٢ | باپووسكە | كرێوەی بەفر بە باوە |
| ٣ | ئاوەز | هۆش،قام |
| ٤ | تاسەنە | خنكان، نەفەس بڕان |
| ٥ | باسقەنە | كلكە سەبیلی دارینس |

٧-بۆننامه

| | | |
|---|---|---|
| ١ | بۆیرش | بۆنی هەر شتێ کە لە شوێنێکی تەڕدا دانرابێ و شێی هەڵهێنابێ |
| ٢ | بابلیسك | گێژەڵووکەو گەردەلوول |
| ٣ | وەزەن | ئازار،خەم،پەژارە |
| ٤ | سەهویر | تارمایی و ڕێشکەو پێشکەی چاو |
| ٥ | سفتیك | دەشتایی نێوان دوو شاخ |
| ٦ | بۆگنتك | بۆنی میوەی ڕزیو |
| ٧ | باپووسکە | کرێوەی بەفر بەباوە |
| ٨ | لاسامە | ڕێژنە باران |
| ٩ | لۆش | ناوی گیایەکی بۆنخۆشە |
| ١٠ | لەتان | کری و بێدەنگیی تەواو |
| ١١ | لوتاوێژ | بۆگەنی ئەوتۆ کە مرۆڤ ناچار ئەبێ لوتی بگرێ |
| ١٢ | لیڤا | بەرخی تازە زاو |
| ١٣ | بەهەجۆك | تووڕەو عەسەبی و شێتگیریی |
| ١٤ | باگەڕ | گەردەلوول |
| ١٥ | ساورمە | داری وشك |
| ١٦ | دژیا | بژو ئاڵۆز |
| ١٧ | تلەتل | کلپەو نێلە نێلی ئاگر |
| ١٨ | لە زاگ | تابووت |
| ١٩ | بۆ خنك و بۆ گرمە | گیای بۆ گرتوو کە ئاژەڵ نایخوا |
| ٢٠ | وشتراو | شەپۆلی گەورەی نێرینەی ئاو |
| ٢١ | بن بیف | بن ئەرز |
| ٢٢ | بڤکێ | ژنی خراپ |
| ٢٣ | لەژم | زەلکاو |
| ٢٤ | بادیی | قاپ،دەفر |
| ٢٥ | واك | ماسیگرە نەورەس |
| ٢٦ | لەن | دوورگەی زۆر بچووك لە ناو ئاودا |
| ٢٧ | باکوزریك | باوبۆران |
| ٢٨ | وچوچ | جریوەو جووکەی مەل |
| ٢٩ | بلازیز | ناوی گوڵێکی زۆر بۆنخۆشە |

٨-رەنگدان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ڕەوتین | خەزان و گەلاڕێزان |
| ٢ | کاژە | بنەی بە جێماوی کاروان لە پێدەشتدا |
| ٣ | لووزەو | بە تەوژم و بەخوڕ |
| ٤ | واگل | گەڕانەوە |
| ٥ | ڕەڵم | وردە زیخ و لمی بن کانی ورووبار |
| ٦ | ڕەواز | هەرشوێنێك هاتوچۆی تێدابێت |
| ٧ | هامووتا | پەڕانەوە |
| ٨ | ترافیە | ئاوارەیی و غەریبی |
| ٩ | ڕچ و ڕژد | سەخت و عاسی |
| ١٠ | ڕووش | بەلا و موسیبەت |
| ١١ | ڕمژوە | تالاوی ژیان و نەهامەتی و کارەسات |
| ١٢ | ڕەدە | دوند،لوتکە |
| ١٣ | سەرتڵ | گوڵی سەرلق،هەڵبژاردەی هەرەجوان |
| ١٤ | کاڕەنگی | زەردێکی کاڵ |
| ١٥ | کازەکازە | هەوای گۆرانیی و ئاواز |
| ١٦ | ڕەزاو | سەرەتای بەیەك گەیشتنی دووچەم |
| ١٧ | ڕەڤان | هەلاتن |
| ١٨ | کنووشی | پەمەیی |
| ١٩ | خارخار | لەت لەت و شەقار شەقار |
| ٢٠ | خەناوك | ملوانكە |
| ٢١ | ساپیتە | بەرزترین نوختەی لوتکە و بەرزایی |
| ٢٢ | ڕەف | پۆلە باڵندە لە کاتی فریندا |
| ٢٣ | ڕەشیش | نەمە باران |
| ٢٤ | خاپینۆك | دەستبڕ و فێڵباز |
| ٢٥ | پاردە | شوورە |
| ٢٦ | لەن | دوورگەی زۆر بچووك لە ناو ئاودا |
| ٢٧ | باکوزریك | باوبۆران |
| ٢٨ | وچوچ | جریوەو جووکەی مەل |
| ٢٩ | بلازیز | ناوی گوڵێکی زۆر بۆنخۆشە |
| ٣٠ | کاپان | باریکە ڕێی نێوِ شاخ و داخ |

٩-پایزە میوان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | تافاو | ئاوی بەهێزو گوڕ، شەتاو |
| ٢ | خەفتیان | ساردە پایز |
| ٣ | ئاژار | بەهرەو دەرامەتی زەوی |
| ٤ | وەزەن | ئازار |
| ٥ | باخن | شوێنێك كە بای لێوەدێ |
| ٦ | بژۆگ | ئارەزوو، رەغبەت |
| ٧ | تانۆك | دیواری نزمی لە شوول و دار دروستكراو |
| ٨ | ئادان | زەوی بە پیت و بەرەكەت |
| ٩ | بندین | بن و تەختی چۆم و رووبار |
| ١٠ | ئەوگار | سیس و زەرد هەڵگەڕاو |
| ١١ | ئاگرۆكە | بای گەرم كە گیاو سەوزە وشك ئەكا |
| ١٢ | پلژیان | كزو بێتاقەت و هیلاك |
| ١٣ | لەژم | زەلكاو |
| ١٤ | بژنگ | پریشك |
| ١٥ | ترافیە | غوربەت |
| ١٦ | پەشیل | وێران، نەهامەتی |

١٠-گۆڕستانی چراكان

| ژ | وشە | مانا |
|---|---|---|
| ١ | گرەژۆ | كەلأڕێزان |
| ٢ | گڕاگڕ | كلپەو بلێسە |
| ٣ | كژگژە | پوش و پەلأشی بابردە |
| ٤ | چكچكە | دەنگی دڵۆپە |
| ٥ | كاپێل | پێچی شاخ |
| ٦ | گرادالأ | ئاوی بەخوڕ كە خول ئەخوا |
| ٧ | چریسكە | بریسكە |
| ٨ | گارۆ | هێلانەی مەل لە كونی داردا |
| ٩ | توتاك | قومری، جۆرە كۆترێكە وەك تاق تاقكەرە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | پژاڵ | لکی هەرە باریکی دار |
| ١١ | مەراڵ | ئاسك |
| ١٢ | پاسفندە | گەندەڵ، رزیو |
| ١٣ | دەوال | دزی شەوانە |
| ١٤ | تروم | نەژاد،رەگەز |
| ١٥ | گرمژن | دەنگی رووخانی گەورە |
| ١٦ | ئەسیار | ئێشکگری کاروان |
| ١٧ | زیگار | شەونشینی |
| ١٨ | گچگچ | لەرزینی دار |
| ١٩ | زاخان | رێی بەردەڵان |
| ٢٠ | تاباز | فەحل، زەبەلاح، زۆرگەورە |
| ٢١ | پرووکە | دەنگی وردی بەفر |
| ٢٢ | تلژین | هەڵبژاردەی هەرەباش |

١١-سرودە بەردینەکان

| ژ | وشە | مانا |
|---|---|---|
| ١ | داودۆز | بەو مەلانە دەوترێ، کە پێشتر هەست بە بوونی راو ئەکەن |
| ٢ | مروز | بەدبەخت |
| ٣ | دوخان | دەردو داخ |
| ٤ | زاخان | بەردەڵان |
| ٥ | رێڵ | جەنگەڵ، بێشە، دارستان |
| ٦ | ماکاۋ | جۆگەی گەورە، کە جۆگەی بچووکی لێ ئەبێتەوە |
| ٧ | باخن | ئەو شوێنەی بای لێوە دێ |
| ٨ | هاقی بوون | غەریبیی |
| ٩ | دۆد | ئەو ملوانکەی کە لە ملی ئاژەڵ دەکرێت |
| ١٠ | پنپنۆك | پەپوولەی خاڵدار |
| ١١ | ژاوەرۆ | چەمی زۆر روون |
| ١٢ | پاڵوانە | جۆرێ لە پەرەسێلکەی باڵ درێژی قاچ کورت |
| ١٣ | داملە | شەپلەلێدراو، ئیفلیج |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | مكۆڕ | یاخیی |
| ١٥ | زیگار | شونشین |
| ١٦ | تلژین | هەڵبژاردەی هەرەباش |
| ١٧ | پاناوکە | گۆماو لە دەشتدا |
| ١٨ | تەژە | کۆڵەکە، ستوون |
| ١٩ | راستکاڵ | کەسێك جێی بڕوا بێت، جێی بڕواو متمانە |
| ٢٠ | ئاوەسوو | ئەو ئاوەی لەبەر زۆر ئاو بەسەردا هاتن لوس دەبێت |
| ٢١ | بیژۆك | بەرهەمی نائاسایی،ددان و ئەنگوستی زیاد، حەیوانێ بەر لە کاتی خۆی بزێ |
| ٢٢ | بێوارە | غەوارە، بێگانە |
| ٢٣ | دوومات | بەڵاو کارەسات |

بۆنموونە دەڵێت: باڵندەیەکی داودۆز بووم وەختێ دایکم. بێوەژنە مرۆزەکەم
کۆترە رەشکەی ئیسکانم لە بوولێلێکی نەیاری ئەم شارەدا

لەپایزی پایزدا تەنها جێهێشت.....[٢١]

شاعیر دەیەوێت لەرێگەی وشەی(داودۆز)ەوە ئەوەمان پێ بڵێت، کە هەستەکان بەر لەوەی رووداوەکان روودەن هەستیان پێدەکەن، بەمەش نمونەی دایکی دەهێنێتەوە، کە بێوەژنە و لەگەڵ ئەوەی بێ بەختە و بێوەژن کەوتوە، بەڵام شێرکۆ کۆی ئەو تەنهایی و خەم و ئازارانەی بەوردی و لە نزیکەوە هەستپێدەکات، هەر لەبەر ئەمەش دەڵێت:

دە ماڵ ئاوا گمە گمی بێوەژنێ لە بێ پیاوێ و
لەدوخان و لە خۆڵەمێشی دابڕان، تۆش ئەی رەفەی
ژووری شیعرم بە یادگارت دەسپێرم....[٢٢]

شاعیر دەیەوێت لەرێگەی دەرد و مەینەتە جیاواز و جۆربەجۆرەکانەوە، بێوەژنیەتی و شاندانەبەر بەخێوکردنی منداڵەکان لەلایەن دایکیەوە پی مان بناسێنێت.

١٢- كورسی

| ژ | وشه | مانا |
|---|---|---|
| ١ | هلمدو | شیٚ و تەڕایی زۆر |
| ٢ | ئامۆش | ئارام، هیٚور |
| ٣ | هەزن | ئازار |
| ٤ | ئاشیٚو | دەردو بەلاٚو بەسەرهاتی ناخۆش |
| ٥ | هۆرم | خەون لەناو خەوندا |
| ٦ | ئاواق | چۆلی و بیابان |
| ٧ | هامووتا | بیٚسەروشویٚن |
| ٨ | هەڤاڤ | کەسیٚك کە مالّی لەسەر کەناری دەریا بیٚت، یان چۆم و ڕووبار |
| ٩ | هەشتینەك | هەرشتیٚ لە هەشت بەشی وەك یەك پیٚکهاتبیٚ |
| ١٠ | بالّشمە | چوارچیٚوەی دەرگاو پەنجەرە |
| ١١ | هۆرەبا | بای ساردو توند بە مژەوە |
| ١٢ | بیٚتار | بەلاٚو دەرد، بیٚهۆشی |
| ١٣ | کۆردەرە | دۆلّی قۆلّی بن بەست |
| ١٤ | بەژڤین | وردبوون لە ژیٚر شتی قورسدا |
| ١٥ | ئاسیو | زیان، ئەزیوت، ژان |
| ١٦ | سوسە | کزەبا، شەمالّ |
| ١٧ | هالّ | بەرزایی کیٚو |
| ١٨ | بیٚهەدان | بیٚ ئۆقرە |
| ١٩ | هازەهاز | گیزە گیز |
| ٢٠ | خوارەبا | نە ڕەشەباو نە شەمالّ |
| ٢١ | هەلاٚقە | چەکەرەی گیا |

بۆنموونە دەلّیٚت: هەموو ڕۆژیٚ لە چاخانەیەکی

بچوکی هلمدودا لەسەر کورسییەکی ماندو

لەسەر کورسییەکی تاك گۆشەگیری بەسالاٚچوو

هەلّئەنیشیٚ و دائەنیشیٚ......[٢٣]

شاعير دەيەوێت لەرێگەی وشەی( هلمدو)دا ئەو ئازارو ناخۆششەی کە چاخانەی تێدایە، لەگەڵ ئەو ئازارانەی، کە خەڵکەکەی بەهۆی ئەم شێ و تەرپییەی کە دەیکێشتێت بیخاتە روو، لێرەوە ئازارەکان دەبنە ناسنامەی هەم چاخانەو هەم خەڵکی چاخانەکەش.

یاخود دەڵێت: باپیرەگەورەی وەختی خۆی

پەیکەرتاشی سەرتەخت بوو

هێندەی باران دەست رەنگین و

هێندەی کەوێڵی روو لە( با)یش

بە ئامۆش بوو......[٢٤]

شاعیر دەیەوێت لەرێگەی وشەی(ئامۆش)ەوە، ئەو ئارامی و بەسەبووریەی مامە پیرەمان بۆ بخاتەروو، کە مێژوو و سەردەم فێریکردوە، چونکە لەلایەك دەست رەنگینی و لەلایەکی تریشەوە ئارامی و دان بەخۆداگری، دووبارە تایبەتمەندی کوردە.

١٣- تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ نمخەیتەوە هەڵقوڵێن

| ژ | وشە | مانا |
|---|---|---|
| ١ | باگرۆ | بای توند، رەشەبا |
| ٢ | نەدیر | ئاگری سەر شاخان |
| ٣ | پەرەم پەرەم | پۆل پۆل، دەستەدەستە |
| ٤ | ناڤرە | دوورگە، جزیرە |
| ٥ | پاوەرە | جلی ژێرەوە |
| ٦ | باشیل | ئاوارەو دەربەدەر |
| ٧ | پەژۆم | بێچارەو بێ ماڵ و حاڵ |
| ٨ | ئەنگواز | گەلی سەخت و دژوار |
| ٩ | تامار | شەبەح، تارمایی |
| ١٠ | فنار | راکردن لە ترساندا |
| ١١ | ئارگۆن | سووررو گەش |
| ١٢ | کونە با | ئەو شوێنەی بای لێوە دێ |
| ١٣ | گژم | خەم و خەفەت |
| ١٤ | زمایش | دەنگ و سەدای گریان |
| ١٥ | پایەرۆڤی | هەوای ئاڵۆز |
| ١٦ | پاییزە رێز | شەختە لێدراو و سەرمابردو |

١٤-ئێستا کچێك نیشتمانمه

| ژ | وشه | مانا |
|---|---|---|
| ١ | بێوار | بێحەوسەڵەو بێتاقەت |
| ٢ | زماك | ئەو شوێنەی هەتاو نایگرێتەوە |
| ٣ | زیکار | شەونخونی |
| ٤ | تامار | شەبەح، تارمایی |
| ٥ | هاڤڵ | نەترسان و ملپێوەنان |
| ٦ | سلسار | بێشەرم |
| ٧ | سارومار | زۆر بۆگەن |
| ٨ | گەرگەسان | لەناوچوون، وردوخاشبوون |
| ٩ | ساعوور | مجەوری کلێسە |
| ١٠ | لەزم | زەلکاو |
| ١١ | ساتوور | تەمەڵ و تەوەزەل |
| ١٢ | گوردەم | عەشامات، قەڵەباڵغی |
| ١٣ | پاسفندە | زۆر بۆگەن |
| ١٤ | زشت | ناجۆر و ناپەسەند |
| ١٥ | پیفو | تەمەڵو تەوەزەل و لەشگران |
| ١٦ | گەڤار | پیس |
| ١٧ | سخار | زەویەك بۆ كێڵان ناشێت |
| ١٨ | سارِستە | رستەی ناتەواو، قرتاو، پچڕاو |

١٥- ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە

| ژ | وشه | مانا |
|---|---|---|
| ١ | شاو | شیوی بچوك |
| ٢ | پاپڵ | وردە لکی دار |
| ٣ | تاتێل | پەشێوی، نیگەرانی |
| ٤ | تاڤێر | تەرم |
| ٥ | پاداو | تەڵە |
| ٦ | بوهلە | گەلیی، دەربەند |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | شەولە | دەشتایی نێو چیا |
| ٨ | ئادان | زەوی بە پیت و بەرەکەت |
| ٩ | ئادە | دوورگەی بچوك لە ئاودا |
| ١٠ | پاژار | بەردی بەزۆر رەنگ نەخشاو |
| ١١ | ترافیە | ئاوارەو دەربەدەر |
| ١٢ | پاجین | پرپر |
| ١٣ | باسرە | ئەو شوێنەی با زۆر بیگرێتەوە |
| ١٤ | پاڵکێك | کەژاوەی سەردانەپۆشراو |
| ١٥ | تفنکان | لەت، کەپو |
| ١٦ | بێلەکۆیە | خۆڵەمێش |

١٦- خێراکە مردن خەریکە بگات

| ژ | شیعر | مانا |
|---|---|---|
| ١ | ئادان | زەوی بە پیت و بەرەکەت و ئاوەدان |

## دووەم: بەکارهێنانی پەراوێز

مەبەست لە بەکارهێنانی کۆی ئەو پەراوێزانەیە، کەشاعیر بۆزانیاری ونوسینی روونکردنەوەی پێویست بۆشیعرەکانی نوسیوە. کۆی گشتی پەراوێز وەك زانیاری بەکارهێنراو لەشیعرەکانی شێرکۆدا ( ١١٢)پەراوێزە، زۆرترین وپەراوێزیش لە دیوانی دەربەندی پەپولەدا بەکارهاتوە، کە(٢٥)وشەیە ودووەم دیوان دیوانی(منتینویەتیمبەگڕدەشکێ)یە (١٣) پەراوێزی بەکارهێناوە.

لە بارەی پەراوێز وزانیاری نوسین لەسەر دەقە شیعرییەکان وبەکارهێنانی وشەی فەرهەنگییەوە، شێرکۆ بێکەس دووبارە دەبێتەوە بەرابەری فەرهەنگی شیعری کوردی ،چونکە رۆڵێکی گرنگی لەم لایەنەدا هەیە، یەکەمین شیعر کە پەراوێزی بۆدانابێت،وەك وشەی هاوتا،یان زانیاری نوسین،لە دیوانی ( منتینویەتیمبەگڕدەشکێ ١٩٧٣) ولە شیعری(گینگلێ)ە،دووەمین شیعر کەپەراوێز وهاوواتای بۆبەکارهێنابێت، شیعری( خەونەکانی ئەسێگیانتان بۆدەگێڕمەوە-١٩٧٥) یە.بەگشتی ژمارەی ئەو پەراوێزانەی کە شێرکۆ لە دیوانەکانیدا بەکاریهێناون، بریتین لە:

| ژ | ناوی دیوان | زانیاری |
|---|---|---|
| ١ | دەربەندی پەپولە | ٢٥ |
| ٢ | من تینوییەتیم بەگڕدەشکێ | ١٣ |
| ٣ | دوو سرودی کێوی | ١١ |
| ٤ | بۆننامە | ٩ |
| ٥ | رووبار | 9 |
| ٦ | کەژاوەی گریان | ٧ |
| ٧ | تریفەی هەڵبەست | ٥ |
| ٨ | رەنگاڵە | ٤ |
| ٩ | کازیوە | ٤ |
| ١٠ | ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە | ٤ |
| ١١ | شایی شەهید | ٣ |
| ١٢ | خێراکە مردن خەریکە بگات | ٣ |
| ١٣ | رەنگدان | ٣ |
| ١٤ | کەشکۆڵی پێشمەرگە | ٢ |
| ١٥ | لە گوڵەوە تا سووتوو | ٢ |
| ١٦ | ئێستا کچێك نیشتمانمە | ٢ |
| ١٧ | داستانی هەڵۆی سوور | ١ |
| ١٨ | زێ و زنە | ١ |
| ١٩ | تەون | ١ |
| ٢٠ | ئاسك | ١ |
| ٢١ | مێرگی زام و مێرگی هەتاو | ١ |
| ٢٢ | ئێوەم بە خۆشەویستی ئەسپێرن | ١ |
| کۆی گشتی | | 112 |

## ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەی دەگەینە ئەوەی کە:

١- سێ سەرچاوەی سەرەکی( دایك ،کاریگەری ، خوێندنەوە) بوونەتە هۆکاری بەکارهێنان و دەوڵەمەندبوونی وشەی فەرهەنگی لە شیعری شاعیردا.

٢- یەکەمین شیعریی کە وشەی فەرهەنگی تێدا بەکارهێنابێت، شیعری(گینگڵ)ە ویەکەمین شیعرکە پەراوێزی تێدا بەکارهێنابیت،تریفەی هەڵبەستە .

٣- لە کۆی گشتی دیوانەکانیدا( ٢٩٠) وشەی فەرهەنگی و( ١١٢) پەراوێزی بەکارهێناوە.

٤- وشەی فەرهەنگی رۆڵێکی گرنگیان لە فراوانبوونی مانای شیعریی ومەبەستەکەی شاعیردا هەبووە.

٥- شاعیر لە ناو دەقی شیعرییدا، بەمەبەست وشە فەرهەنگییەکانی هەڵبژاردوە،چ وەك ماناچ وەك بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی ، بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی، سیمایەکی نوێ وجیاوازتری بەخشیوەتە شیعرەکانی شاعیر

## سەرچاوەکان:

یەکەم: دیوانەکان:


١- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، دەربەندی پەپولە،سوید،٢٠٠٩

٢- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان،من تینویەتیم بەگڕەشکێ ،سوید،٢٠٠٩

٣- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان،دوو سرودی کێوی سوید،٢٠٠٩

٤- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، بۆننامە، سوید،٢٠٠٩

٥- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، کەژاوەی گریان،سوید،٢٠٠٩

٦- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان،رووبار،سوید،٢٠٠٩

٧- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، تریفەی هەڵبەست،سوید،٢٠٠٩

٨- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان،رەنگاڵە ،سوید،٢٠٠٩

٩- شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان،کازیوە ،سوید،٢٠٠٩

١٠-شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان،شایی شەهید ،سوید،٢٠٠٩

١١-شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، خێراکە مردن خەریکە بگات،سوید،٢٠٠٩

١٢-شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، رەنگدان ،سوید،٢٠٠٩

١٣-شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، کەشکۆڵی پێشمەرگە،سوید،٢٠٠٩

١٤-شێرکۆ بێکەس، سەرجەم دیوانەکان، لە گوڵەوە تا سووتوو،سوید،٢٠٠٩

١٥-شێرکۆ بێکەس،  سەرجەم دیوانەکان، داستانی هەڵۆی سوور،سوید،٢٠٠٩
١٦-شێرکۆ بێکەس،  سەرجەم دیوانەکان، زێ و زنه ،سوید،٢٠٠٩
١٧-شێرکۆ بێکەس،  سەرجەم دیوانەکان، تەون ،سوید،٢٠٠٩
١٨-شێرکۆ بێکەس،  سەرجەم دیوانەکان، ئاسك ،سوید،٢٠٠٩
١٩-شێرکۆ بێکەس،  سەرجەم دیوانەکان، مێرگی زام و مێرگی هەتاو ،سوید،٢٠٠٩
٢٠-شێرکۆ بێکەس،  سەرجەم دیوانەکان، ئێوەم بە خۆشەویستی ئەسپێرن ،سوید،٢٠٠٩
٢١-شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لەپەڕەی گوڵاڵە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠١٢
٢٢-شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتمانمە،غەزەل نوس ، سلێمانی چاپی دووەم، ٢٠١٢
٢٣-شێرکۆ بێکەس ، خێراکە ..مردن خەریکە بگات!،ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٣

دووەم: کتێبەکان:

١. لوقمان رەئوف،بنەماکانی مۆدێرنە لەسیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠١٩
٢. لوقمان رەئوف سیماکانی پۆست مۆدێرنە لەشیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا، سلێمانی،٢٠١١
٣. الكتاب لسیبویه ١٢/١ ، انظر حاشيه (٦١)، من حواشي الفصل اليالپ
٤. د حسن جمعه،فی جمالیه الکلمه، اتحاد الکتاب العرب، دمشق،٢٠٠٢
٥. ستیڤن اولمان ،دور الکلمه فی اللغه، ت: د. کمال محمد بشیر،مکتبه الشباب، اسماعیلیه،١٩٧٥
٦. منیر سلگان، بلاغه الکلمه والجمله والجمل،منشاه المعارف،١٩٩٨
٧. جلال عباسی،رەنگ شعر شاملو(واژەها، کنایەها، استعارەها،نمادها،تهران،١٣٨٨
٨. –David Crystal, Think on My words: Exploring Shakespeare. (Cambridge: 2008)
٩. David Crystal, Think on My words: Exploring Shakespeare. (Cambridge: 2008)
١٠. Shakespeare Archaism and other old and Unfamiliar words and Phrases that occur in Shakespeare. www.shakespear studyguides.com

١١. J. A. Cuddon, The Penguin Dictionary of Literary Terms and Literary Theory, (Penguin:1976)

١٢. Roland Green et al, The Princeton Encyclopedia of Poetry and Poetics, (Princeton: 2012)

گۆڤار:

١- گۆڤاری باران( دۆسیەی تایبەت بە شێرکۆ بێکەس)، ژ(١)٢٠١٦


## ملخص البحث


يعتبر الشاعر شيركو بيكةس من الشعراء الكورد اللذين سطروا منذ السبعينات من القرن الماضي حتى سنة ٢٠١٣ من الشعر ( ٤٤ ) نتاجا , متضمنا في طيات النتاجات الشعرية نحو ( ٢٩٠ ) كلمة معجمية وقاموسية في ( ١٦ ) من دواوينه , فضلا عن ذلك تجد ( ١١٢ ) كلمة معلوماتية او توضيحية في ( ٢٢ ) ديوانا من دواوينه والعامل الرئيسي وراء كل ذلك يرجع الى التاثر بـ ( والدته , القراءة المعجمية , التاثر بغيره )

عرضت في هذا البحث كل الكلمات امرادفة او المستخدمة في كل دواوين الشاعر , فضلا عن ابراز دور وموقع الكلمات المعجمية والقاموسية وتاثيرهم في النصوص الشعرية عموما وشعر الشاعر بصورة خاصة .


## Archaism in Sherko Bekas's poems

## Abstract


Sherko Bekas is one of the poets who wrote 44 collections of poems (divans). He used 290 archaic words in 16 collections of poems and he used 112 allusions in his 22 collections of poems. Hence, the poet becomes a pioneer in using archaic words in his collections of poems. One of the reasons for using this abundance of archaic words is his mother; another is his readings of dictionaries; and also he is influenced by other poets namely Ahmed Shamloo (1925-2000). In this research, all these words that the poet used as synonyms and archaisms, and also a statistics of the mentioned words are presented according to each collection of poems. However, attention is also directed to the role of archaic words on poetry at large, and on Bekas's poems in particular.